من بەرپرسیار نیم وبەریئم لە هەرمسوڵمانێک کە لە نێو موشریکەکاندا دەژێت

لە جەریری کوڕی عبداللەوە دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەفرەزەیەکی نارد بۆ سەر هۆزی خەسعەم، خەڵکانێکیان خۆیان پاراست لە کوشتن ئەویش بە سوجدە بردن، بەڵام بەپەلە کوژران. دەڵێت: ئەم هەواڵە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وفەرمانی کرد بە پێدانی نیوەی پارەی خوێنەکە، وفەرمووی: «من بەرپرسیار نیم وبەریئم لە هەرمسوڵمانێک کە لە نێو موشریکەکاندا دەژێت». ووتیان: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «چونکە هۆکاری ئاگرکردنەوەیان (جەنگ بەرپاکردنیان) جیاوازە».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەفرەزەیەکی لە سوپا نارد بۆ سەر هۆزی خەسعەم چونکە کافر بوون، وهەندێکیان سوجدەیان برد بۆ ئەوەی وا نیشانی بدەن کە موسڵمانن، بەڵام مسوڵمانان بەپەلە کوشتیانیان چونکە وا گومانیان برد کە موشریکن بەهۆی ئەوەی لە نێو موشریکەکاندا مابوونەوە ودەژیان، کاتێک دڵنیا بوون لەوەی کە مسوڵمان بوون؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نیوەی پارەی خوێنەکەیانی (نیوەی پارەی دیەکەیانی) پێیاندا وبە کامڵی پێیانی نەدا چونکە خۆیان هۆکار بوون بۆ ئەوەی بکوژرێن، وشەریعەت مانەوەی لە وڵاتی کافران حەرامکردووە چونکە هۆکاری ئاگرکردنەوەی (جەنگ بەرپاکردنی) مسوڵمان وکافر جیاوازە واتە: (مسوڵمان بۆ ئیسلام تورە دەبێت وجەنگ دەکات - ئاگر دەکاتەوە-، وکافریش بۆ کوفر تورە دەبێت وجەنگ دەکات -ئاگر دەکاتەوە-)، ونابێت شوێنی نیشتەجێبوونی بەو شێوەیە نزیک بێت لە کافرەکانەوە ئەگەر ئاگرێک بکاتەوە کافرەکە دەیبینێت، ئەمیش نیشانەی بەریئبوون وخۆ دوورکردنەوەیە لە کوفر وکافرەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64600